# ١ ـ ئەزە لەزە ( ئەشکە لەشکە )

چەند کەســن لە جێگاییکی‌وا کە بیانەوێ لە خۆیان زیاتر هیچ کەســن تێ‌نەگا ، یا بەکیکی نەشارەزای ئەم جۆرە قسەکردنە بێتە لایان گاڵتەی پێ‌ئەکەن بەبێ ئەوەی لە قسەکانیان بگات .

قـە کردنەکەشـیان ئەمەیە : کە هەر پیتێك ئەڵێن لە کاتی قسە کردنا ئەم وشەی بۆ زیاد ئەکەن ( ـەشکە ، یا ـەزە ) بۆ ئەوەی لە خۆیان زیاتر کەسیکی‌تر تێ‌نەگا . بۆ وێنە : کە بڵێن سیروان ، ئەڵێن : سەشکە ، یەشکە ، رەشکە ، وەشکە ، ئاەشکە نەشکە . یا ئەڵێن : ـەزە ، یەزە رەزە ، وەزە ، ئاەزە نەزە . ئەوانەی کە زۆر لەگەڵ یەکدا بەم جۆرە دووابن زۆر بە ئاسانی‌و بێ‌گرێ وەڵامی یەك ئەدەنەوەو وەکوو بولبول پیدا ئەچن بەبێ ئەوەی هیچ کەسیکی‌تر تێ‌بگا .

ـ٭ـ٭ـ٭ـ٭ـ٭ـ